# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

| ژمارە (٦١) | ٢٠٢٤ |

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

• ژمارە (٦١) • ٢٠٢٤ •



سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەن ئیمتیازی گۆڤار

حەمەسەعید حەسەن

سەرنووسەر:

پ.د. کاروان عومەر قادر

بەڕێوەبەری نووسین:

د. پەخشان فەهمی فەرحۆ

دەستەی نووسەران:

- پ.د. قەیس کاکل تۆفیق
- پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر
- پ.د. بەختیار سەجادی
- پ.د. فەرهاد قادر کەریم
- پ.ی.د. عەبدلواحید ئیدریس شەریف
- پ.ی.د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد
- د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد

دەستەی ڕاویژکاران:-

- پ.د. میشێل لیزەنبێرگ
- پ.د. مارتن ڤان برونسن
- پ.د. جەلیلی جەلیل
- پ.د. ساڵح ئاکین
- پ.د. جەعفەر شێخولئیسلامی
- پ.د. عەبدولڕەحمان ئەداك
- پ.د. هاشم ئەحمەدزادە



http;//gov.krd/ka

ISSN: 2520-4106

هەولێر - شەقامی هەڵەبجە

# ئەلتەرناتیڤی دیفتۆنگ لە زمانی کوردیدا

**د. ڕێبین خالید خزر**

بەشی زمانی کوردی/کۆلێژی پەروەردە/
زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر
rebin.khdir@su.edu.krd

**پوختە:**

ئـەم توێژینەوەیـە بـە ناونیشـانی "ئەلتەرناتیڤـی دیفتۆنـگ لـە زمانـی کوردیدا"یـە، سـنووری لێکۆڵینەوەکـە لــە چوارچێــوەی دیالێکتــی کرمانجیــی ناوەڕاســتدایە، هەروەهــا بــە گوێــرەی پێویســت نموونــە لــە شـێوەزارەکانی تریشـدا خراوەتـە ڕوو، بـە پێـی ڕێبـازی "سینکرۆنی-شـیکاری" شرۆڤـە کـراوە. بـە گشـتی ئامانجـی ئـەم توێژینەوەیـە ئەوەیـە کـە بـوون و نەبوونـی دیفتۆنـگ لـە زمانـی کوردیـدا لـە سـەر بنەمایەکـی زانسـتی یـەکلا بکاتـەوە، چونکـە ئـەم دیـاردە دەنگییـە دەمێکـە پێویسـتی بـە توێژینەوەیەکـی گشـتگیر هەیـە، هـەر چەنـدە بـە شـێوەیەکی ناسـەرەکی لـە دووتوێـی چەنـد توێژینـەوە و لێکۆڵینەوەیەکـدا ئامـاژە بـەم دیـاردە دەنگییـە کـراوە، بـەڵام جۆرێـک لـە ناڕوونیـی پێـوە دیـارە، ئـەوەش بـە هـۆی تێنەگەیشـتن لـە چەمـک و پێکهاتـەی دیفتۆنـگ. هەروەهـا لـە ئەگـەری نەبوونـی دیفتۆنـگ، ئـەم توێژینەوەیـە هـەوڵ دەدات جێگـرەوە (بدیـل)ی بـۆ ئـەم دیـاردە دەنگییـە بخاتـە ڕوو، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش لێکۆڵینەوەکەمـان دابـەش کردووەتـە سـەر پێنـج تـەوەرە: تـەوەرەی یەکـەم سـەرەتایەکە بـۆ چوونـە نـاو بابەتەکـە، تـەوەرەی دووەم بـاس لـە چەمـک و زاراوەی دیفتۆنـگ کـراوە، لـە تـەوەرەی سـێیەمدا جۆرەکانـی دیفتۆنـگ ڕوون کراوەتـەوە، لــە تــەوەرەی چوارەمــدا بــاس لــە بــوون و نەبوونــی دیفتۆنــگ لــە زمانــی کوردیــدا کــراوە، لــە تــەوەرەی پێنجەمـدا ئەلتەرناتیڤـی دیفتۆنـگ لـە زمانـی کوردیـدا خراوەتـە ڕوو.

کلیلەوشـەکان: ڤاوڵـی دوولانـە، هێشـووەڤاوڵ، جووتەڤـاوڵ، دوو ڤاوڵـی، جووتەدەنـگ (Diphthong)، ڤاوڵـی سـێ لانـە (triphthong)، ڤاوڵـی چـوار لانـە (tetraphthong)، فرەدەنـگ (polyphthong) و جێگـرەوە (Alternative)

**١-١. سەرەتا**

یەكێـك لـە كێشـە سـەرەكییەكانی زمانـی كـوردی، لێكدانـەوەی چەنـد دیاردەیەكـی زمانەوانییـە لـە ژێـر ڕۆشـنایی بوونـی ئـەو دیـاردە زمانەوانییانـە لـە زمانـی بێگانـەدا، چونكـە چەندیـن دیـاردەی زمانەوانـی لـە چەنـد زمانێكـدا بـەدی دەكرێـت كـە مـەرج نییـە لـە هەمـوو زمانێكـدا هەبـن. بـەڵام نەبوونـی هـەر دیاردەیـەك لـە زمانێكـدا واتـای هەژاریـی زمانەكـە ناگەیەنێـت، بەڵكـوو بـۆ جیاوازیـی حاڵەتـی تایپۆلۆژیـی زمـان و كەتـواری زمانەوانـی لـە هـەر زمانێكـدا دەگەڕێتـەوە، لەگـەڵ ئەوەشـدا هـەر زمانێـك بنەمـای ڕێزمانیـی تایبـەت بـە خـۆی هەیـە و تاكـە جیاوازیـی نێـوان زمانـەكان لـە پارامیتەرەكاندایـە. هـەر ئەمـەش وای كـردووە هەنـدێ دیـاردەی زمانەوانـی لـە سـەرجەم ئاستـەكاندا (دەنـگ و ڕێزمـان و واتـا) لـە هەمـوو زمانەكانـدا بـەدی نەكرێـن. بـۆ نموونـە لـە زمانـی كوردیـدا دیاردەكانـی ناوگـر (Infix)، دۆخ (Case)... هتـد، هـەر چەنـدە لـە قۆناغێكـدا یاخـود لـە چەنـد وشـەیەكدا بـەدی دەكرێـن، بـەڵام لـە حاڵەتـی ئێسـتای زمانەكەمانـدا وەكـوو دیاردەیەكـی بەرهەمهێـن بوونێكـی كارایـان نییـە، یەكێـك لـەو دیـاردە دەنگییانـەش گریمانـەی بـوون و نەبوونـی دیفتۆنگـە لـە زمانـی كوردیـدا. ئەمـەش پسـپۆڕانی زمانی كوردیی كـردووە بـە دوو بـەرەوە، بـە جۆرێـك بەرەیەكیـان بـە هێنانـەوە و داتاشـینی چەنـد نموونەیـەك كـە لـە ژمـارەی پەنجەكانـی یـەك دەسـت تێناپەڕێـت، پێداگـری لـە سـەر بوونـی دیفتۆنـگ لـە زمانەكەمانـدا دەكـەن، بـە پێچەوانەشـەوە بەرەیەكـی تـر لـە بەرانبـەردا ڕاگوزەریانـە بوونـی ئـەم دیاردەیـە لـە زمانـی كوردیـدا ڕەت دەكەنـەوە. لـەو ڕوانگەیـەوە هەسـتمان بـەوە كـردووە بـۆ سـەلماندنی بـوون و نەبوونـی ئـەم دیـاردە دەنگییـە پێویسـتمان بـە بەڵگـە و ئەرگۆمێنتـی لۆژیكییـە، تاوەكـوو بۆمـان دەربكەوێـت ئایـا دیفتۆنـگ وەكـوو دیاردەیەكـی بەرهەمهێـن لـە قۆناغـی ئێسـتای زمانـی كوردیـدا بـەركارە؟ ئەگـەر بەركاریـش نەبێـت، ئـەی ئەلتەرناتیڤـی دیفتۆنـگ لـە زمانـی كوردیـدا چییـە؟ بـۆ ئـەم مەبەسـتەش پێویسـتە مەرجـە فۆنۆتاكتیكییەكانی زمانـی كـوردی لەبەرچـاو بگیرێـن كـە خـۆی لـە مەرجەكانـی ڕۆنانـی برگـە و بوونـی ڤـاوڵ لـە سـەرەتای برگـە و پێكەوەهاتنـی دوو ڤـاوڵ لـە زمانـی كوردیـدا دەبینێتـەوە. هەروەهـا پێویسـتە لـە چوارچێـوەی دیالێكتـە جیاوازەكانـی زمانـی كوردیـدا ڕووماڵـی هەمـوو ئـەو وشـانە بكرێـت كـە گوایـە دوو دەنگـی ڤـاوڵ دەكەونـە تەنیشـت یەكترییـەوە، بـۆ سـەلماندنی سـیمای دەنگییـان بـەوەی ئایـا ئـەو دوو دەنگـە بـە تـەواوی ڤاوڵـن یـان یەكێكیـان نیمچەڤاوڵـە و ئـەوی تریـان ڤاوڵـە، چونكـە ئەگـەر ئـەو دوو دەنگـەی لـە تەنیشـت یەكـەوە دێـن هەردووكیـان ڤـاوڵ بـن، ئـەوا مەرجـی ڕۆنانـی برگـە لـە زمانـی كوردیـدا دەخاتـە ژێـر پرسـیارەوە، چونكـە زۆربـەی ئـەو جووتـە دەنگانـەی لـە زمانـی كوردیـدا بـە دیفتۆنـگ دانـراون، لـە سیاقی وشـەدا كاتێـك سـنووری برگـە دەستنیشـان دەكـرێ، لـە نێـوان برگەكانـدا تووشـی دیـاردەی لەتبـوون دەبـن، ئەمـەش بوونـی دیفتۆنـگ لـە زمانەكەمانـدا دەخاتـە ژێـر پرسـیارەوە.

**١-٢. چەمك و زاراوەی دیفتۆنگ**

چەمكـی دیفتۆنـگ گوزارشـت لـە بوونـی دوو ڤـاوڵ پێكـەوە دەكات لـە سـنووری برگەیەكـدا، كـە تۆنێكـی هاوبەشـی جیـاواز لـە تۆنـی هەریـەك لـە دەنگـەكان دێنێتـە ئـاراوە. زاراوەی دیفتۆنـگ "لـە دوو بـەش پێـك هاتـووە: ‹دی› واتـە دوو جـار و ‹فتۆنـگ› واتـە دەنـگ، بۆیـە لـە زانسـتی زمانـدا بـە تێكەڵبوونـی دوو دەنگـی ڤـاوڵ دەوتـرێ دیفتۆنـگ" (ئەوڕەحمانـی حاجـی مـارف، ٢٠١٤، ‌)١٢٨. لـە ڕووی زاراوەسـازییەوە لـە زمانـی كوردیـدا زاراوەی جیـاوازی بـۆ بـەكار دێـت، لەوانـەش (ڤاوڵـی دوو لانـە، هێشـووەڤاوڵ، دوو ڤاوڵـی و جووتەڤـاوڵ). سـەبارەت بـە پێناسـەكردنی دیفتۆنـگ، لـە زمانـی كوردیـدا جۆرێـك لـە ناتێگەیشـتن هەیـە، بـە جۆرێـك هەندێـك پێیـان وایـە "دیفتۆنـگ بریتییـە لـە تێكەڵبـوون و پێكەوەهاتنـی دوو دەنـگ، وەكـوو [نـگ]، [نـد]" (شـاكر فەتـاح ئەحمـەد، ١٩٨٢، ١٢١-١٢٠). تەنانـەت هەندێـك دەنگـە ئەفریكاتـەكان بـە دیفتۆنـگ لەقەڵـەم دەدەن، ئەمـەش لـەو بۆچوونـەوە سـەرچاوە دەگرێـت كـە گوایـە "دیفتۆنـگ لـە تێكەڵبوونـی دوو دەنگـی سـەربەخۆوە دروسـت دەبێـت، كـە هیـچ كامێكیـش لـەم دەنگانـە نییـە" (دەریـا سـابیر حەمـەد، ٢٠١٦، ٦٧)، بـەڵام لـە ڕاسـتیدا «دیفتۆنـگ بریتییـە لـە پێكەوەهاتنـی دوو دەنگـی ڤـاوڵ، واتـە ڤـاوڵ + ڤـاوڵ»

(غازی عەلی خورشید، ٢٠١٠، ١٢٥) نەک دوو دەنگی کۆنسۆنانت، چونکە «لە زمانی ئینگلیزیشدا دیفتۆنگ بریتییە لە تێکەڵبوونی دوو دەنگی ڤاوڵ، بە تایبەتییش کاتێک دەنگێکی ڤاوڵ وەکوو دەستپێک دەنگێکی تری ڤاوڵی بەدوادا دێت، وەک دەنگی [oy] لە وشەی ‹oil›. بە واتایەکی تر: دیفتۆنگ دوو دەنگی ڤاوڵی جیاوازن وەک لە وشەکانی (fear, pout, chair). کەواتە دوو دەنگی ڤاوڵی لێکچوو بە نموونەی (beer, boot) نابێتە دیفتۆنگ» (diphthong:dictionary). کەواتە بە شێوەیەکی سەرەکی دیفتۆنگ لە دوو دەنگی ڤاوڵی جیاواز پێک دێت، کە مەرج نییە ئەم دوو دەنگە ڤاوڵە دوو دەنگی وێکچوو بن. بۆیە ئەو دەنگەی لە ئەنجامی لێکدان و تێکەڵاوبوونی ئەو دەنگە ڤاوڵە جیاوازانەوە پێک دێت، دەنگێکی جیاوازی هەیە.

**١-٣. جۆرەکانی دیفتۆنگ**

بە گوێرەی جیاوازیی پۆلی زمانەکان، واتە ئەو زمانانەی کە دیفتۆنگیان تێدایە، دابەشکردنی جیاواز بۆ جۆرەکانی دیفتۆنگ لە زمانەوانیدا کراون. بۆیە جۆرەکانی دیفتۆنگ لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێن، بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا جۆرەکانی دیفتۆنگ بریتین لە (falling and rising diphthongs, opening, closing, centring diphthongs, wide and narrow diphthongs) (studysmarter.app.diphthong). بەڵام لە زمانی عەرەبیدا دوو جۆرە دیفتۆنگمان هەیە، کە بریتین لە "الاصوات المدغمة المنسجدة و الاصوات المدغمة الصاعدة". لە ژێر ڕۆشنایی جۆرەکانی دیفتۆنگ لە زمانی عەرەبیدا، دەکرێ بگوترێ دوو جۆرە دیفتۆنگ لە زمانی کوردیدا هەیە کە بریتین لە:

١. "**دیفتۆنگی داکشاو** (Outgoing Diphthong)

ئەم جۆرە دیفتۆنگە خاوەنی خاسیەتی لاوازبوونی تینی ئەندامانی ئاخاوتنە لە کۆتایی دەربڕیندا، هەر چی چالاکییەکەیەتی دەکەوێتە سەرەتاوە. بۆ نموونە (١) هەردوو دیفتۆنگی [وێ] و [وی]ی زمانی کوردی؛ دیفتۆنگی داکشاون، لەبەر ئەوەی ماکی یەکەمیان بەتینە.

٢. **دیفتۆنگی هەڵکشاو** (Rising Diphthong)

ئەم جۆرە دیفتۆنگە خاوەنی خاسیەتی بەهێزبوونی تینی ئەندامانی ئاخاوتنە لە کۆتایی دەربڕیندا، بەڵام لە سەرەتادا بە کزی دەست پێ دەکات. بۆ نموونە (٢) ئەگەر [وا]: (سوار، شوان، توان...) دیفتۆنگ بووایە، ئەوە هەڵکشاو دەبوو، چونکە ماکی یەکەمی لە ماکی دووەمی لاوازترە" (ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ٢٠١٤، ١٢٩). بنەمای سەرەکی بۆ جیاکردنەوەی دیفتۆنگی داکشاو و هەڵکشاو ئەوەیە ئەو دەنگە ڤاوڵانەی لە ناوەڕاست و نزمایی زمان دروست دەبن؛ بە دیفتۆنگی داکشاو دادەنرێن، بەڵام ئەو دەنگە ڤاوڵانەی لە پێشەوە و دواوە و بەرزایی زمان دروست دەبن، بە دیفتۆنگی هەڵکشاو دادەنرێن.

**١-٤. دیفتۆنگ لە زمانی کوردیدا**

سەبارەت بە بوون و نەبوونی دیفتۆنگ لە زمانی کوردیدا، ڕاوبۆچوونی جیاواز لەئارادایە، بەڵام بە خستنەڕووی پاساوی زانستی و نموونەی پراکتیکییەوە دەتوانرێ بسەلمێنرێ دیفتۆنگ لە زمانی کوردیدا هەیە یان نییە. سەرەتا پێویستە ئەو بۆچوونانەی لە زمانی کوردیدا باسی دیفتۆنگ دەکەن پۆلێن بکرێن، کە بە شێوەیەکی گشتی دوو ئاڕاستەن؛ ئاڕاستەی یەکەمیان ئەو بۆچوونانەن کە پێیان وایە دیفتۆنگ لە زمانی کوردیدا هەیە، لەم بارەیەوە "ئەوڕەحمانی حاجی مارف" پێی وایە: «دیفتۆنگ لە زمانی کوردیدا هەیە. بۆ ئەو مەبەستەش سێ جۆرە دیفتۆنگی دەستنیشان کردووە [وێ، وی، وی]، کە یەکێکیان دیفتۆنگی [وێ]یە، بۆ نموونە: (٣) نوێژ، گوێز، گوێ... هتد، هەروەها دەڵێ دیفتۆنگی [وێ] تەنیا لە ناوچەی سلێمانی و موکریان و هەندێ ناوچەی کوردستان باوە، ئەگینا لە زۆربەی دیالێکت و بەشەدیالێکتەکانی کوردیدا بە جۆرێکی تر خۆی دەنوێنێت. واتە هەردوو دەنگی [و ، ێ] بێ تێکەڵبوون گۆ دەکرێن» (ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٦، ٣٢-٣٤). هەر لە بارەی ئەم دەنگەوە [وێ]، "محەمەد مەعرووف فەتاح" پێی وایە: «ئەم دیفتۆنگە فۆنیمە لە زمانی کوردیدا، هەر چەندە هەندێ زمانەوان دانی پێدا نانێن، بەڵام ئاشکرا و بەڵگەنەویستە کە ئەم ڤاوڵە لە وشەکانی (خوێن، جوێن) و چەند وشەیەکی تری ئەم دیالێکتە دەبیرێت و فۆنیمێکی تەواوە، چونکە ١. لە

هەندێ دیالێکتی کوردیدا نییە. ٢. بڵاویی کەمە، واتە لە چەند وشەیەکی دیاریکراودا دەبینرێت. ٤. لە وشەدا شوێنێکی دیاریکراوی هەیە و ناگوێزرێتەوە، بە واتایەکی تر: تەنیا لە ناوەڕاستی وشەدا دێت و جەمسەرەکان ناگرێت. بۆ نموونە: (٤) لە بەراوردکردنی ئەم دوو ڕیزە وشەیەدا بۆمان دەردەکەوێت:

| | |
|---|---|
| ١. سوێر | ٢. کوێر |
| سەر | کەر |
| | کار |

تەنانەت پێی وایە واتای وشە دەگۆڕێت، هەروەها جەخت لە سەر پلەی بەفۆنیمبوونی ئەم دەنگە دەکاتەوە و پێشنیازی نیشانەیەکی نوێ بۆ ئەم دەنگە دەکات، چونکە پێی وایە هۆکاری ڕێنووسی زمانەکەمانە کە نیشانەیەکی دوو کەرتی بۆ بەکار دێت» (محەمەد مەعرووف فەتاح، ١٩٨٢، ٢٣١-٢٣٣). هەروەها "نەسرین فەخری" پێی وایە: «[وێ] ڤاوڵە و دیفتۆنگە، کە لە سەرەتادا نەبووە و دیارە پاشان دروست بووە« (نەسرین محەمەد فەخری، ١٩٧٨، ٣٥). هەروەها ئەوەی جێگەی سەرنجە، هەندێ پسپۆڕی زمان پێیان وایە: دیفتۆنگ لە کۆتایی وشەدا هەیە. لەم بارەیەوە "هۆگر مەحموود فەرەج" پێی وایە: «لە شێوەزاری سلێمانیدا کەوتنی دەنگی [د] لە کۆتایی وشەدا دیفتۆنگ دروست دەکات، چونکە گوایە لە دوای دەنگی [ە]؛ بزرۆکە هەیە، بۆ نموونە: (٥) ئەحمەد ← ئەحمە + بزرۆکە. تەنانەت پێی وایە ڤاوڵی سێ لانە (Triphthong)ش لە زمانی کوردیدا هەیە. ئەگەر بکەر جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک بێت، ئەوا کاری بێهێز لە کۆتایی ناوەکەدا دەردەکەوێت، بۆ نموونە: (٦) ئەوە ئەحمە + بزرۆکە + ە. هەروەها پێی وایە ئەو وشانەی بە ڤاوڵ کۆتاییان دێت، ئەگەر مۆرفیمی ناسراوی "-ەکە"، یان "-ی"ی نیسبەتیان بخرێتە سەر، ئەوا لەم دوو بارەشدا دیفتۆنگ دروست دەبێت، بۆ نموونە: (٧) لە خستنەسەری مۆرفیمی ناسراوی "-ەکە": بنچینەیی + ەکە ← بنچینەییەکە ← بنچینەییەکە ← بنچینەیێکە. یان لە خستنەسەری "-ی"ی نیسبەت: ڕانیە + یی ← ڕانیەیی یان سلێمانی + یی ← سلێمانییی» (هۆگر مەحموود فەرەج، ٢٠١٥، ٣٧-٤٣). پێمان وایە ئەم بۆچوونە دروست نییە، لەبەر چەند هۆکارێکی زمانەوانی؛ یەکەمیان لە ڕووی برگەوە، چونکە ناوی "ئەح: CVC، مەد: CVC" دوو برگەیە، بە کەوتنی دەنگی [د] لە برگەی دووەمدا، ناوکی برگە دەنگی [ە] دەمێنێتەوە، لە زمانی کوردییشدا دوو دەنگی ڤاوڵ پێکەوە نایەن، بۆیە زیادکردنی بزرۆکە بۆ ناوکی برگە لە ڕووی مەرجی فۆنۆلۆژیی برگەی زمانەکەماندا گونجاو نییە، چونکە ئەوکات دوو دەنگی ڤاوڵ لە ناوکی برگەدا کۆ دەبنەوە، بەڵکوو پێمان وایە دوای کەوتنی دەنگی [د] لە برگەی دووەمی "ئەح: CVC، مە: CV"؛ برگەکە دەبێتە برگەیەکی کراوە، هەموو برگەیەکی کراوەش بە درێژ هەژمار دەکرێت. بۆیە ئەم مەرجەی برگە بوونی ڤاوڵی سێ لانەش لە زمانەکەماندا ڕەت دەکاتەوە. هەروەها سەبارەت بە وشەی (بنچینەیی + ەکە ← بنچینەییەکە ← بنچینەییەکە ← بنچینەیێکە) کە بە بۆچوونی ناوبراو چەند دەنگێکی ڤاوڵ کەوتوونەتە پاڵ یەکتری و ڤاوڵی سێ لانەیان دروست کردووە، دیسانەوە لە ڕووی مەرجی برگەسازییەوە هەڵەیە، چونکە ئەگەر وشەیەک بە ڤاوڵ کۆتایی بێت لە کاتی زیادکردنی پاشگرێک کە بە ڤاوڵ دەست پێ بکات، ئەوا پێویستە ناوبەندێک بخرێتە نێوانیانەوە، ئەم دەنگەی ڕۆڵی ناوبەندیش دەبینێت نیمچە ڤاوڵ/کۆنسنانتە، نەک ڤاوڵی تەواو. بە هەمان شێوە ئەو وشانەی بە ڤاوڵ کۆتاییان هاتووە، لە کاتی خستنەسەری "-ی"ی نیسبەت، ناوبەندێک لە نێوان ڤاوڵی کۆتایی وشەکە و "-ی"ی نیسبەت پەیدا دەبێت، ئەم دیاردەیە لە ڕووی دەنگسازییەوە بە تێئاخنین (Insertion) ناو دەبرێت، نە ئەو دوو یائەی نیسبەت گوایە دیفتۆنگ یاخود ڤاوڵی سێ لانە بن، چونکە مەرجی برگەسازیی کوردی ڕێگە بەم جۆرە ڕۆنانە نادات، سەرەڕای ئەوە لە ڕووی ڕێنووسەوە بزرۆکە لە ئەلفوبێی زمانی کوردیی باشووری کوردستاندا هیچ وێنەیەکی بۆ دانەنراوە، چونکە هیچ ئەرکێکی واتایی نابینێت، هەر چەندە بزرۆکە ڕۆڵێکی گرنگ لە خستنەڕووی قاڵبەکانی برگەدا دەبینێت. هەروەها بەڵگەیەکی تر کە بوونی دیفتۆنگ لە زمانەکەماندا ڕەت دەکاتەوە، ئەوەیە زۆر جار لە ڕۆنانی کەرەستە مۆرفۆفۆنۆسینتاکسییەکاندا ڕوو دەدات، لە نێوان ڕەگ و گیرەکاندا جۆرێک لە

گۆڕانی دەنگی دێتە ئاراوە، بە تایبەتییش لە پاشگرەکاندا، تاوەکوو دوو دەنگی ڤاوڵ نەکەونە تەنیشت یەکترییەوە کە یەکێکیان بۆ نیمچە ڤاوڵ/کۆنسونانت دەگۆڕێت. بۆیە «زۆر جار لە ئەنجامی لێکدانی دوو مۆرفیم یان وشەیەک لەگەڵ مۆرفیمێکدا، کە دوو فۆنیم بە یەک دەگەن، چەند گۆڕانێکی فۆنیمی لە ناو مۆرفیمەکاندا ڕوو دەدات، بە پێی ئەو ژینگە جیاوازانەی کە فۆنیمەکانی تێدا دەردەکەون، بۆ نموونە: (٨) گۆڕانی [ۆ]ی ڤاوڵ بە [و]ی نیمچەکۆنسونانت، کاتێ کە ‹ات›ی جێناوی کەسی سێیەمی تاک دەلکێت بە ڕەگی داهاتووی ئەو کارانەی کە کۆتاییان بە [ۆ] هاتووە. لەگەڵ گەیشتنی هەردوو ڤاوڵی /ا/و/ۆ/ بە یەک، /ۆ/ دەگۆڕێت بە /و/ی نیمچەڤاوڵ. بۆ نموونە: (٩)

دە + ڕۆ + ات ← دەڕوات

دە + خۆ + ات ← دەخوات

لە ڕاستیدا هۆی گۆڕانی /ۆ/ بە /و/ی نیمچەڤاوڵ، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هێشووەڤاوڵ دروست نەبێت، چونکە درکاندنی دوو ڤاوڵ بەسەریەکەوە کارێکی ئاسان نییە، هەروەها لە نەگونجانی ڤاوڵەکاندا، کە دوو ڤاوڵ بە یەک دەگەن دەنگێک لە نێوانیاندا پەیدا دەبێت بۆ ئەوەی لە یەکتر جیایان بکاتەوە و هێشووەڤاوڵ دروست نەبێت، هەروەها بۆ پاراستنی ڤاوڵەکان لە سوان یان گۆڕان. بۆیە کاتێک نیشانەی ‹-ەکە›ی ناسیاوی دەلکێت بە کۆتایی ئەو وشانەوە کە بە ڤاوڵی ‹وو›ی درێژ کۆتاییان هاتووە، ‹و›ی نیمچە ڤاوڵ/کۆنسونانت لە نێوان هەردوو ڤاوڵەکەدا پەیدا دەبێت، بۆ نموونە: (١٠) خانوو + ەکە ← خانووەکە، خانۆکە« (تاڵیب حسێن عەلی، ٢٠١٤، ٢٨-٢٩) بەڵام ئاراستەی دووەم پێیان وایە دیفتۆنگ لە زمانی کوردیدا نییە، چونکە ئەو دەنگانەی لە زمانەکەماندا بە دیفتۆنگ دادەنرێن، لە چەند دەنگێک تێناپەڕن، لەوانەش دەنگەکانی [وی، وێ]، ئەمەش بە پێچەوانەی ئەو دەنگە ڤاوڵانەیە کە لە زمانی ئینگلیزیدا ڕۆڵی دیفتۆنگ دەبینن، چونکە لەو زمانەدا سەرجەم ڤاوڵەکان لە پێش و پاشی یەکتر ڕیز دەبن و ڕۆڵی دیفتۆنگ دەبینن، بەڵام لە زمانی کوردیدا بە زۆری ڤاوڵەکانی (وی، وێ) پێکەوە دێن، بۆ نموونە: (١١) (هەنگوین، دوین، جوین، شوێن، گوێز، جوێن... هتد). لەم بارەیەوە "مەسعوود محەمەد" دەڵێت: «بە لای منەوە دیفتۆنگ هێندەی ڤاوڵەکانی دیکە بنجی نییە، چونکە لە تێکەڵبوونی دوو دەنگ پێک دێت، وەک متوربەی کە لە سەر ڕەگی خۆی شین نابێ« (مەسعوود محەمەد، ٢٠١١، ٤٢٤). هەروەها "غازی فاتح وەیس" دەڵێت: «ڤاوڵەکانی زمانی کوردی تەنگوچەڵەمەیەکی ئەوتۆ ناخولقێنن، تەنیا بزرۆکە نەبێ، چونکە سیستمی ڤاوڵ لە زمانی کوردیدا سیستمێکی ئاساییە و لە لایەکی تریشەوە دیفتۆنگی تێدا نییە. ئەوەی بە دیفتۆنگ دادەنرێ، نیمچەڤاوڵی (و، ی)یە. لە چەند وشەیەکدا زۆرینەی پسپۆڕانی زمانی کوردی کۆی ئەم دوو نیمچەکۆنسونانتە بە دیفتۆنگ دادەنێن. لە ڕاستیدا لێکدانی ئەم دوو نیمچەڤاوڵە دیفتۆنگ پێک ناهێنن لە شێوەی سلێمانیدا. ئەوەی شایانی باسە [وێ]ی وشەی (خوێن، شوێن) لە بنەڕەتدا [وی]ە، بە هۆی کاری میکانیکی و فیزیکییەوە [ی] دەبێتە [ێ]، چونکە بەیەکەوەهاتنی دوو نیمچەڤاوڵ کارێکی ئاسان نییە. لەم حاڵەتەشدا دەنگی یەکەم نیمچەکۆنسونانتە و دەنگی دووەم ڤاوڵە. هەروەها لەبەر ئەوەی فۆرمانتی یەکەم و دووەمیان دوو فۆرمانتی بەهێزی تەواو نین، بە ئاسانی لە ڕووی فیزیکییەوە بەر گۆڕان دەکەون. ئەمە لە لایەک، لە لایەکی تریشەوە لە ڕووی درکاندنەوە نیمچەڤاوڵی [و] بەهێزترە لە ڤاوڵی [ی]، چونکە لێوییە و سیفەتی لێویش بە هەموو شێوەیەک لە درکاندندا زاڵترە لە مەڵاشوویی کە سیفەتی نیمچەکۆنسونانتی [ی]یە. لەبەر ئەو چەند هۆیە، نیمچەڤاوڵی [ی] لەو جۆرە وشەیەدا دەبێتە ڤاوڵێکی تەواو بۆ ئەوەی لە ڕووی فیزیکییەوە فۆرمانتەکانی بەهێزتر بێ و لە ڕووی درکاندنیشەوە درێژتر بێ، تەنیا بۆ ئەوەی بەرگەی قورسێتیی نیمچەڤاوڵی [و] بگرێ. بەڵگەشمان بۆ زاڵبوونی نیمچەڤاوڵی [و]ی بەسەر نیمچەڤاوڵی [ی]دا ئەوەیە کە ڤاوڵی [ێ] دەکەوێتە پێش نیمچەڤاوڵی [و]ەوە و نیمچەڤاوڵەکە بەو شێوەیە دەور نابینێ کە لە وشەی ‹خوێن›دا دەیبینێ، بۆ نموونە: (١٢) لە وشەی (لێو، کێو، دێو، پێو)دا ئەم ڕاستییە دەردەکەوێت. جگە لەمەش، ڕادەی تێکەڵبوونی نیمچەڤاوڵی [و] و [ی] دەگەڕێتەوە بۆ جۆری ئەو کۆنسونانتەی کە لە دوایانەوە یان لە پێشیانەوە دێت،

وەک تێکەڵبوونی ئەم دوو نیمچەڤاوڵە و نیمچەڤاوڵی [ی] بە ڤاوڵی [ێ] لە وشەی (وێر، ئەدوێ، ئەلوێ)دا، وەکوو هەمان تێکەڵبوون نییە کە لە وشەی (خوێن، شوێن)دا ڕوو دەدات. دیسان لە شێوەزاری گەرمیانیدا وشەی (وێر، وێڵ، وێنە) دەچێتە شوێنی [و]ی سەرەتای ئەو وشانەوە و دەبن بە (یۆر، یۆڵ، یۆنە)، بەڵام لێرەدا تێکەڵبوونێکی تەواو ڕوو دەدات لە نێوان [و] و [ێ] و هەردووکیان دەبن بە لێوی، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت هەروەکوو گوتمان نیمچەڤاوڵی [و] لە نیمچەڤاوڵی [ی] بەهێزترە. لێرەدا دەتوانرێ بگوترێ نیمچەڤاوڵی [و] لەگەڵ ڤاوڵی [ێ]دا، بڕبڕەی پشتی چەند بڕگەیەکە لە زمانی کوردیدا و بە لێکدانی ئەم دوو دەنگە دیفتۆنگ دروست نابێ« (غازی فاتح وەیس، ١٩٨٤، ٦٦-٦٨). کەواتە ئەگەر گریمانەی بوونی دیفتۆنگ لە زمانی کوردیدا بکەین، وەکوو سەرەتایەک دەردەکەوێت. ئەگەر هەشبێت، لە سەردەمی ئێستای زمانەکەماندا هێندە بەرهەمهێن نییە. بۆیە بۆمان دەرکەوت ئەو دوو دەنگانەی لە چەند وشەیەکدا کەوتنە پاڵ یەکتر و تێکەڵ بوون دیفتۆنگ نین، بەڵکوو یەکێک لەو دوو دەنگە نیمچە ڤاوڵ/کۆنسنانتە، کە ڕۆڵی جێگرەوە (alternative)ی دیفتۆنگ دەبینن لە زمانی کوردیدا. لە لایەکی ترەوە ئەگەر لە زمانی کوردیدا دان بە بوونی دیفتۆنگدا بنرێت، کە وەکوو زۆر لە زمانە ئەورووپییەکاندا باوە، ئەوا دەبێت دان بە بوونی ڤاوڵی سێ لانە (Triphthong) و ڤاوڵی چوار لانە(Tetraphthong) و فرەدەنگ (polyphthong)یشدا بنێین، کە هەندێ پسپۆڕی زمان[1] بە هۆی گوێنەدان بۆ مەرجی ڕۆنانی قاڵبەکانی بڕگە لە زمانی کوردی و جیاوازینەکردن لە نێوان نیمچە ڤاوڵ/کۆنسنانت نموونەیان بۆ هێناوەتەوە. لەم بارەیەوە "کەمال فوئاد" دەڵێت: «لەو باوەڕەدام کە ئێمە دەتوانین لە زمانی کوردیدا خۆمان لە کێشەی جووتەڤاوڵ (دیفتۆنگ) ڕزگار بکەین، چونکە وەک لە باسی نیوەڤاوڵەکاندا وتمان، ئەگەر لە بڕگەیەکدا دوو ڤاوڵ بکەونە تەنیشت یەکەوە؛ یەکێکیان (ئەوەی هێزی ناکەوێتە سەر)، نیوەڤاوڵەکە، دەوری کۆنسنانت دەبینێت، ئەگینا دەبێت باسی ڤاوڵی سێ لانە و ڤاوڵی چوار لانە و فرەدەنگیش بکەین. بۆ نموونە (١٣) سەرنج لەم فرەیزانەی خوارەوە بدە:

ماستی مەییو -masti mayiw

دۆینەی کولیو -doynai kuliw

لەو بەرزاییەوە - law barzayiyawa

بزانە چەند ڤاوڵ و نیوەڤاوڵ ڕیز بوون. لە زمانە ئەورووپاییەکاندا زۆر وشە هەن کە لە یەکێک لە بڕگەکانیاندا دوو ڤاوڵ یان زیاتر لە تەنیشت یەکەوە کۆ دەبنەوە و لە گوتندا پێکەوە دەبەسترێن و لە یەکتر جیا نابنەوە. بۆ نموونە (١٤) لە ئینگلیزیدا (flower, oil, air)، لە ئەڵمانیدا (freuen, bein, haus). بۆیە مەسەلەی ‹Diphthong و Triphthong و Tetraphthong و polyphthong... هتد› دێنە پێشەوە» (نەوزاد عەلی ئەحمەد، ٢٠١٣، ٢٢). تەنانەت ئەگەر دان بە بوونی دیفتۆنگ لە زمانی کوردیدا بنرێت، ئەوا کێشە بۆ پێکهاتەی بڕگە بە گشتی و ناوکی بڕگە دروست دەبێت، بە تایبەتییش لە وشەی فرەبڕگەدا، چونکە لە ڕووی پلەی هێزی سەرەکی و ئاستەکانی تری پلەی هێز لە سەر بڕگە جیاوازەکانی وشەکەدا، ئەمەش لەگەڵ مەرجەکانی ڕۆنانی بڕگەدا ڕێک ناکەوێت، چونکە زۆر جار کۆنسنانتی کۆتایی بڕگەی یەکەم دەچێتە سەرەتای بڕگەی دووەم، تاوەکوو پارێزگاری لەو مەرجەی ڕۆنانی بڕگەدا بکات کە سەرەتای بڕگە لە زمانی کوردیدا بە ڤاوڵ دەست پێ ناکات، بۆیە پێمان وایە ئەم کێشەیە لە زمانەکەماندا زیاتر پەیوەندیی بە نیمچەڤاوڵی (و، ی)یەوە هەیە، نەک سەرجەمی ڤاوڵەکان، چونکە کاتێک دوو ڤاوڵ دەکەونە تەنیشت یەکترییەوە، یەکێک لەو دوو ڤاوڵە ناتەواوە و نیمچەڤاوڵە. ئەم دیاردەیە «لە فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێناندا بە "Umlaut" ناو دەبرێت، کە بە واتای "هێنانەپێشەوەی ڤاوڵەکانی پشتەوە"، یان "گۆڕانی دەنگێکی ڤاوڵ بە دەنگێکی تر لە ژێر کاریگەریی بڕگەی دوای خۆی". هەروەها دەتوانرێت بە هێنانەپێشی ڤاوڵەکانی پشتەوە و ڤاوڵەکانی ناوەند سەیر بکرێت. ئوملاوت لە زمانی ئەڵمانیی کۆندا مەرجی

---

١. بڕوانە: محەمەد ئەمین هەورامانی، سەرەتایەک لە فیلۆلۆژیی زمانی کوردی، بەغدا، ل١١-٤٣. ئاماژە بۆ بوونی ڤاوڵی سێ لانە و چوار لانە و پێنج لانە دەکات، وەک: ساوەر، ئاوایی، ڕەوایە... هتد.

فۆنۆلۆژیــی هەبــوو، مەرجەکــەی دەقــی دەنگــی /ی/ و /یــی [/i/ و /i: / ] یــان /j/ بــوو» (Crystal, David, 2003, 480). ئــەم دیاردەیــە لــە زۆر زمانــدا بــەدی دەکرێــت، لەوانــەش زمانــی ئەڵمانــی، تورکــی... هتــد. کەواتــە مــەرج نییــە نووســینی دوو "وو" یــان دوو "یــی" دیفتۆنــگ بێــت، بــۆ نموونــە: (١٥) لــە وشــەکانی «(تــووژ - töz، نــووژ - nöz، دوور - dür، قــووڵ -qül ) لــە زمانــی کوردیــدا دەنگەکانــی ناوەڕاســت دیفتۆنــگ نیــن، بەڵکــو دەنگێکــی تایبەتــن، نموونــەی ئــەم جــۆرە دەنگانــە لــە زمانــی ئەڵمانیــدا زۆرە، کــورت و درێژیشــیان هەیــە، پێیــان دەگوتــرێ "Umlaut". بــۆ نموونــە: (١٦) دەنگــی دووەم لــەم وشــانەدا:

کورت - Löffel

درێژ - Gürtel

müde ،böse

لــە وشــەکانی (دوور - dür)، (قــووڵ - qül)دا، دەنگەکانــی ناوەڕاســت وەک [ü]ی درێــژی ئەڵمانــی وان، بــەڵام لــە (töz، nöz )دا بــە تــەواوی لەگــەڵ "ö"ی ئەڵمانیــدا یــەک ناگرێتــەوە، چونکــە ئــەم دەنگــە لــە کوردیــدا گــۆڕاوە و لــە [وێ/wě] نزیــک بووەتــەوە. ئــەو وشــانەی ئــەم دەنگانەیــان تێدایــە، ئەگــەر بمانەوێــت لــە ڕووی فۆنۆلۆژییــەوە بــە شــێوەیەکی ڕاســت بیاننووســین، پێویســتە بــەم جــۆرە بنووسرێــن: توێــژ - tuwěʒ، نوێــژ - nuwěʒ، ســوێر - suwěr... هتــد (واتــە ڤاوڵێکــی زۆر کــورت لــە شــێوەی بــۆری عەرەبیــدا، ئەنجا نیوەڤاوڵــی /و -w/ ، ئەنجا ڤاوڵێکــی کــراوەی درێــژ /ێ - ě/، بــۆ جیاکردنــەوەی ڤاوڵــە زۆر کورتەکــە /و - u/ لــە ڤاوڵــی/ و - u/ی کــورت، بــەراورد لــە نێــوان وشــەی (کوێــرە - kuwěra) و (گوێــڕ guwěr -)دا بکــە» (نــەوزاد عەلــی ئەحمــەد، ٢٠١٣، ٣٢-٣٣). تەنانــەت ئــەم دیاردەیــە لــە شــێوەزاری گەرمیانــدا بــە هــۆی کاریگەریــی زمانــی تورکییــەوە هەســتی پــێ دەکرێــت، ئەمــەش «بــە هــۆی دانانــی دەنگــی [وێ] بەرانبــەر بــە ڤاوڵــی /ö/ دانانــرێ، ڤاوڵــی /ö/ یەکێکــە لــە ڤاوڵــە ســەرەکییەکانی زمانــی تورکــی و درکاندنیشــی وەکــو درکاندنــی /وێ/ی وشــەکانی ‹خوێــن و شــوێن› نییــە. لــە زمانــی تورکیــدا ڤاوڵــی /ö/ وەکــوو لــە وشــەی ‹gönash› (هەتــاو)، ‹köçik› (بچــووک) بــەدی دەکرێــت، بریتــی نییــە لــە نیمچەڤاوڵــی [و، ی]، هەروەهــا بریتییــش نییــە لــە نیمچەڤاوڵــی [و] و ڤاوڵــی درێــژی [ێ]، بەڵکــوو ڤاوڵێکــی ســەربەخۆی تــەواوە و بگــرە بــە دیفتۆنگیــش لەقەڵــەم نــادرێ. لــە شــێوەزاری گەرمیانــدا کــە ســەر بــە دیالێکتــی کرمانجیــی ناوەڕاســتە، ئــەم ڤاوڵــە بــەدی دەکرێــت وەک ڤاوڵــە تورکییەکــە بــێ زیــاد و کــەم، هەروەکــوو لــە وشــەی ‹qöl› و ‹sör› و ‹dör› ...هتــد؛ دەبیــنرێ، ئــەم وشــانەی شــێوەزاری گەرمیــان بەرانبــەر بــە وشــەی ‹قــووڵ› و ‹ســوور› و ‹دوور›ی شــێوەزاری ســلێمانی دادەنرێــن و تەنیــا جیــاوازی لــە نێوانیانــدا هەبــێ ئەوەیــە کــە ڤاوڵەکــە /وو/ وەکــوو ڤاوڵــە تورکییەکــە /ö/ دەدرکێنرێــت» (غــازی فاتــح وەیــس، ١٩٨٤، ٦٦-٦٧). شــایانی ئاماژەپێدانــە ئــەم دەنگــە بەرانبــەر بــە /وی/ دەوەســتێتەوە لــە شــێوەزاری گەرمیانــدا و هەســت بــە بوونــی دەکرێــت. بــۆ نموونــە: (١٧)

| شێوەزاری سلێمانی | شێوەزاری گەرمیان |
|---|---|
| موو | موی |
| دوور | دویر |
| قووڵ | قویل |
| سوور | سویر |
| سابوون | سابوین |
| لووت | لویت |
| تووتن | تویتن |
| زوو | زوی |

(ڕۆکان عەبدوڵا محەمەد، ٢٠١٥، ٧٧).

تەنانــەت لــە زمانــی تورکیــدا وشــەی ( گــوڵ ← گویــل)، ئەمــە لــە لایــەک، لــە لایەکــی تــرەوە پێمان وایــە ئــەم کێشــەیە پەیوەندیــی بــە واتــا و ڕێنووســەوە هەیــە، چونکــە زۆر وشــە لــە زمانــدا هــەن بــە شــێوازی نووســینیان واتایــان ڕوونــتر دەبێتــەوە لــە ســیاقدا، بــەڵام لــە گوتنــدا فۆنیمــە ناکەرتییــەکان ئــەو لێڵییــە دەڕەوێننــەوە.

**١-٥. ئەلتەرناتیڤی دیفتۆنگ لە زمانی کوردیدا**

هەر چەندە نموونەی [ێو، یو، وا، او، وە، ەو، یا، ەی، یێ] لە زمانەکەماندا بەرچاو دەکەوێت، کە بە لای هەندێ پسپۆڕی زمانەوە[٢] گوایە دیفتۆنگن، بۆ نموونە: (١٨) (مێو - کێو - دێو - لێو - هەتیو - شیو -نیو، بوار - وان - کاروان، کاوڕ - باو، وەکوو - وەرە - وەرگێر، دیار، نەی، بارگەیێن، کادێن ← کایێن (شێوەزاری سلێمانی))، بەڵام لە زۆر وشەدا گومان هەیە کە یەکێک لەو دوو دەنگە [وی] یەکێکیان نیمچە ڤاوڵ/کۆنسنانت بێ، ئاشکراشە نیمچە ڤاوڵ/کۆنسنانت وەکوو ڤاوڵ دەدرکێنرێن، بەڵام لە سیاقی دەنگیدا ڕۆڵی کۆنسنانت دەبینن، بۆ نموونە :(١٩) جوین: CCVC، زویر: CCVC، خوێن: CCVC، شوێن: CCVC، سوێر: CCVC. کەواتە لە هەردوو بارەکەدا نیمچەکۆنسنانتی [و + ڤاوڵ، یـ + ڤاوڵ] ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە لە پێکەوەهاتنی ڤاوڵەکاندا دەبینن، بە واتایەکی تر: هەریەک لەو [و، ی]ەی لە پێش یان لە پاش دەنگێکی ڤاوڵدا دەردەکەون، بریتین لە نیمچەکۆنسنانتی [و - w، ی - y]، نەک دوو ڤاوڵی تەواو [و - u، ی - i]، بۆ نموونە: (٢٠) یاری: yari، واژوو (واژۆ): waʒu، ڕاو: raw. ئەمە لە لایەک، لە لایەکی ترەوە ئەگەر لە ڕوانگەی بڕگەسازیی کوردییەوە لەم بابەتە بدوێین، نەبوونی دیفتۆنگ لە ناوەڕاستی وشەدا بە هۆی بوونی دەنگی [و، ی] ڕوونتر دەردەکەوێت. بۆ نموونە: (٢١)

جوین: CCVC، زویر: CCVC، خوێن: CCVC، شوێن: CCVC، سوێر:CCVC

کەواتە ئەو دەنگەی لە پێش و پاشی دەنگێکی ڤاوڵدا دەردەکەوێت، بریتییە لە نیمچەکۆنسنانتی [و - w ، ی - y]، هەروەها لەو وشانەی بە هۆی یاسای جێگۆڕکێی دەنگەوە گۆکردنیان دەگۆڕێت بە ڕوونی دەردەکەوێت کە تەنیا ئەو دوو دەنگە جێگۆڕکێ دەکەن، تەنانەت هۆکاری گۆڕانی [ی] بۆ [ێ] فۆنەتیکییە، بۆ نموونە: (٢٢)

یۆنان ← وێنان، یوسف ← ویسف، ملوێن ← ملیۆن

هەر ئەمەش وای کردووە ئەو وشە بێگانانەی دێنە نێو زمانی کوردییەوە، بە هۆی یاسای فۆنۆتاکتیکی زمانەکەوە گۆ بکرێن و بنووسرێن، بۆ نموونە: (٢٣) وشەی "workshop"ی ئینگلیزی پێویستە لە کوردیدا بە شێوەی "وۆرکشۆپ" بنووسرێ، چونکە لە زمانی کوردیدا ڤاوڵ لە سەرەتای وشەوە نایەت. کەواتە هەر کاتێک دەنگی [و - w] یان [ی - y] لە پێش یان لە پاش دەنگێکی ڤاوڵەوە دەربکەون، ئەوا دەنگێکی نیمچەڤاوڵن، بەڵام هەر کاتێک لە پێش یان لە پاش کۆنسنانت دەربکەون، دەبن بە ڤاوڵ، بۆ نموونە: (٢٤) وازی - wazi، دیاری - dyari، ڕووگە - rugə، ئاوەژوو - ʔwəʒu

بۆیە دەکرێت ئەمەش وەکوو دوو یاسای فۆنۆلۆژی لە زمانی کوردیدا جێگیر بکرێت، بەم شێوەیە:

یاسای یەکەم: [و - w، ی - y] لە پێش ڤاوڵ یان لە پاش ڤاوڵ ← نیمچەڤاوڵ

بۆ نموونە: (٢٥) چاوان - ʧawan، دییانە - dɨyanə، گاور - gawr، دۆینە - doynə

یاسای دووەم: [و - u، ی - i] لە پێش کۆنسنانت یان پاش کۆنسنانت ← ڤاوڵ

بۆ نموونە: (٢٦) دیدە - didə، قوربان - qurban، ئاشتی -ʔʃti

لەم بارەیەوە "عەبدوڵا حسێن" دەڵێت: «هەردوو دەنگی [و - w، ی - y] نیمچەڤاوڵن، چونکە لە کاتی گۆکردنیان ڕێژەی کرانەوەی دەم لە نێوان ڤاوڵ و کۆنسنانتەکاندایە، واتە لە چوار ڤاوڵە سەرەکییەکە (ا، ێ، ۆ، ە) کەمتر کراوەیە و لە کۆنسنانتەکان پتر کراوەیە، بۆیە ئەگەر لە بڕگەیەکدا یەکێ لەم چوار ڤاوڵە سەرەکییەیان لە پێش یان لە دوا هات، خۆیان بە کۆنسنانت دادەنرێن، بەڵام ئەگەر یەکێ لەم ڤاوڵەیان لەتەک نەهات، ئەوا خۆیان دەبن بە ڤاوڵ. ئەم دوو دەنگە لە نێوان خۆشیاندا کامەیان لە سەرەتای بڕگە بێ، کۆنسنانتە (وی - ویقار، یو- یوسف)» (عەبدوڵا حسێن ڕەسووڵ، ٢٠١٥، ٨٩). هەروەها یەکێکی تر لەو بەڵگانەی کە دەیسەلمێنێت دیفتۆنگ لە زمانی کوردیدا نییە، ئەگەر هەشبێت دیاردەیەکی فۆنۆلۆژییە، واتە

---

٢. بڕوانە: ئـ. غازی عەلی خورشید، فۆنەتیک و فۆنۆلۆژی، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٠.

ب. محەمەد ئەمین هەورامانی، سەرەتایەک لە فیلۆلۆژیی زمانی کوردی، بەغدا، ١٩٧٤.

پەیوەندیی بە ڕۆنانی ژێرەوە هەیە، نەک فۆنەتیک واتە ڕۆنانی سەرەوە، بە واتایەکی تر: ئەم دیاردەیە تەنیا لە درکاندندا هەستی پێ دەکرێت، نەک لە نووسیندا، چونکە ئەم بابەتە پەیوەندیی بە فۆنۆتاکتیکی زمان و ڕۆنانی برگەوە هەیە، بەڵگەش بۆ ئەم بۆچوونە ئەو گۆڕانە دەنگییەیە کە لە نێوان دیالێکتە جیاوازەکانی زمانی کوردیدا بەسەر ئەو دەنگانەدا دێت کە گومانی ئەوەیان لێ دەکرێت دیفتۆنگ بن. بۆ نموونە: (٢٧)

| | دیالێکتی ناوەڕاست | شێوەزاری هەولێر | شێوەزاری کەرکووک | شێوەزاری کۆیە | شێوەزاری گەرمیان | شێوەزاری خانەقین | دیالێکتی کرمانجی ژوورو | شێوەزاری موکریان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئ. | خوێن | خین | | خون | | | | |
| أ. | سوێر | سوور | شۆر | | | | | |
| ب. | شوێن | شون | شۆن | | شێن | | | |
| پ. | جوێن | جون | | | | جومێن | | جومێن |
| ت. | نیو | | | | | | | نیم |
| ج. | نیوە | | | | نیمە | | نیڤە | |
| چ. | موسڵ/موصڵ | | | | | | میسل | |
| ح. | مزوری | | | | | | مزیری | |
| خ. | هەموو | | | | | | هەمی | |
| د. | دوور | | | | | | دویر/دیر | |
| ر. | ڕوو | | | | | | ڕوی/ڕی | |
| ڕ. | زوو | | | | زی | | زوی/زی | |
| ز. | چوار | چار | | | | | | |
| ژ. | شوان | | | | | | شڤان | |
| س. | توانین | تانین | | | | | | |
| ش. | خوێ | خێ | | | | | | |

لەگەڵ ئەوەشدا نموونەی ناوێزە بەرچاو دەکەوێت کە لە نێوان دیالێکتەکانی "ناوەڕاست و کرمانجی"دا ناگۆڕێن، بۆ نموونە: (٢٨) دوو نابێتە دی، ژووشک (ژیشک) نابێتە ژیشک. تەنانەت لە شێوەزاری هەولێر جیاواز لە شێوەزارەکانی تر، تێبینی دەکەین لە زۆربەی بارەکاندا دوو دەنگی ڤاوڵ وەکوو دیفتۆنگ پێکەوە نایەن، بۆ نموونە: (٢٩) خوێن ← خین، سوێر ← سور، خوێ ← خێ... هتد. بە شێوەیەکی گشتی تێبینی دەکەین ئەو دەنگانەی بۆ [و - w] یان [ی - y] گۆڕاون، لە بنچینەدا لەگەڵ دەنگە هاوسازگەکانیاندا دەنگگۆڕکێیان کردووە، بۆ نموونە: (٣٠) وان ← ڤان ، وار ← ڤار، تەنانەت لە زمانی فارسی، بۆ نموونە: (٣١) می روم ← می رڤم. هەروەها لە زمانی تورکییشدا بە هەمان شێوەیە، بۆیە دەکرێ بگوترێ نیمچە ڤاوڵ/کۆنسنانتی [و - w] و [ی - y] وەکوو دوو دەنگی ئەلتەرناتیڤی دیفتۆنگ لە زمانی کوردیدا ڕەفتار دەکەن. تەنانەت تێبینیی ئەوە دەکەین کە زۆربەی ئەو وشانەی بە دیفتۆنگ دانراون، بە هاوکاریی نیمچە ڤاوڵ/کۆنسنانتی [و - w] ڕۆنراون نەک [ی - y]، ئەمەش بۆ بەهێزیی دەنگی [و - w] لەچاو دەنگی [ی - y] دەگەڕێتەوە، چونکە هێزی هەڵمژین (قوة أنتصاص)ی دەنگەکانی زیاترە، چونکە لە سیاقدا نیمچەڤاوڵی [و] بە بەراورد بە نیمچەڤاوڵی [ی] شوێنگە (أثر)ی بزرۆکە ناهێڵێت، بۆ نموونە: (٣٢) خوار، چوار... هتد. لەم نموونانەدا دەنگەکانی [خ، چ] لە دەرەوەی سیاق برگەن، وەک: xɨ، ʧɨ، بەڵام لە ناوەوەی سیاق فۆنیمن، پێکهاتەی برگەییان بەم شێوەیەیە: CCVC، کەچی ئەو وشانەی بە هاوکاریی نیمچەڤاوڵی [ی] پێک دێن، شوێنگەی بزرۆکە دەمێنێت، بۆ نموونە: (٣٣) چیا ← چییا: ʧɨ ia ، دیە ← دییە: dɨ ia. بۆیە تێبینیی ئەوە دەکەین زۆر جار دیاردەی سوان، جێگۆڕکێ یان پەیدابوونی دەنگ بۆ ئەم دیاردە دەنگییە دێتە پێشەوە، بۆ نموونە: (٣٤) چوار ← چار، وار ← ڤار، نیوە ← نیمە، خوا ← خودا یان خودێ (کرمانجیی ژووروو)، هۆکاری پەیدابوونی دەنگی [د] وەکوو ناوبەند بۆ مەرجی ڕۆنانی برگە لە زمانەکەماندا دەگەڕێتەوە کە ئەوکات دەنگی [و - w] وەکوو [و - u]ی ڤاوڵ ڕەفتار دەکات لە برگەی یەکەمدا. بۆ نموونە: (٣٥) خو: CV:اد/CV

**ئەنجامەکان**

١. دیفتۆنـگ وەکـوو کردەیەکـی بەرهەمهێـن لـە زمانـی کوردیـدا نییـە، بەڵکـوو ئـەوەی دەبینرێـت حاڵەتێکـی دیالێکتیکییـە، واتـە ئـەو نموونانـەی لـە زمانـی کوردیـدا بـە دیفتۆنـگ دانـراون؛ دیاردەیەکـی گشـتگیر و بنجـی نییـە، بەڵکـوو متوربەکـراوە.

٢. فۆنۆتاکتیکـی زمانـی کـوردی ڕێگـە بـە بوونـی ڤـاوڵ لـە سـەرەتای وشـەدا نـادات، لـە ناوەڕاسـتی وشەشـدا ئـەو نموونانـەی بـە دیفتۆنـگ دانـراون، بـە هاوکاریـی نیمچـە ڤاوڵ/کۆنسـنانتەکانەوە پێـک هاتـوون، بۆیـە دەکـرێ بگوتـرێ نیمچـە ڤاوڵ/کۆنسـنانتی [و، ی] ئەلتەرناتیڤـی دیفتۆنگـە لـە زمانـی کوردیـدا.

٣. لـە نێـوان ئـەم دوو نیمچـە ڤاوڵ/کۆنسـنانت [و، ی]ەشـدا نیمچـە ڤاوڵ/کۆنسـنانتی [و] بـە بـەراورد بـە نیمچـە ڤـاوڵ/ کۆنسـنانتی [ی]؛ ئەلتەرناتیڤێکـی بەهێزتـرە، چونکـە هێـزی هەڵمژینـی دەنگەکانـی زیاتـرە.


**سەرچاوەکان**

**سەرچاوە کوردییەکان**

**یەکەم: کتێب**

- ئەوڕەحمانی حاجـی مـارف (١٩٧٦)، زمانـی کـوردی لەبـەر ڕۆشـنایی فۆنەتیکدا،چاپخانـەی کـۆڕی زانیـاری کـورد، بەغـداد.
- ئەوڕەحمانـی حاجـی مـارف (٢٠١٤)، فەرهەنگـی زاراوەی زمانناسـی، چاپـی دووەم، دەزگای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی ڕۆژهـەڵات، هەولێـر.
- تاڵیـب حسـێن عەلـی (٢٠١٤)، زانسـتی زمـان و زمانـی کـوردی، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات، هەولێـر.
- دەریـا سـابیر حەمـەد (٢١٠٦)، کێشـە دەنگییەکانـی زمانـی کـوردی لـە نێـوان ڕێنـووس و یاسـا فۆنۆلۆژییەکانـدا، نامـەی ماسـتەر، فاکەڵتیـی پـەروەردە، زانکـۆی ڕاپەڕیـن.
- شـاکر فەتـاح ئەحمـەد (١٩٨٢)، گیروگرفتەکانـی زمانـی کـوردی و شـێوەی چاککردنیـان، گۆڤـاری کـۆڕی زانیـاری کـورد، بەرگـی نۆیـەم، بەغـداد.
- عەبـدوڵا حسـێن ڕەسـووڵ (٢٠١٥)، چەنـد باسـێکی وردی زمانەوانی - کـوردی، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی هێڤـی، هەولێـر.
- غـازی فاتـح وەیـس (١٩٨٤)، فۆنەتیـک، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی ئەدیـب، بەغـدا.
- غـازی عەلـی خورشـید (٢٠١٠)، فۆنەتیـک و فۆنۆلـۆژی، چاپـی یەکـەم، دەزگای چـاپ و پەخشـی سـەردەم، سلێمانی.
- مەسـعوود محەمـەد (٢٠١١)، هەنـدێ بابەتـی زمـان و ڕێنووسـی کـوردی، چاپـی یەکـەم، دەزگای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی ئـاراس، هەولێـر.
- محەمـەد ئەمیـن هەورامانـی (١٩٧٤)، سـەرەتایەک لـە فیلۆلۆژیـی زمانـی کـوردی، بەڕێوەبەرایەتیـی ڕۆشـنبیریی کـوردی، چاپخانـەی مەعاریـف، بەغـدا.
- محەمـەد مەعـرووف فەتـاح (١٩٨٢)، ڕێنووسـی کـوردی لـە ڕوانگـەی فۆنەتیکـەوە، گۆڤـاری کـۆڕی زانیـاری کـورد، بەرگـی نۆیـەم، بەغـداد.
- نەسریـن محەمـەد فەخـری (١٩٧٨)، ڕێنووسـی کـوردی، فەسـڵی یەکـەم، چاپخانـەی زانکـۆی سـەڵاحەدین، هەولێـر.
- نـەوزاد عەلـی ئەحمـەد (٢٠١٣)، بەشـێک لـە بەرهەمەکانـی د.کەمـال فوئـاد (زمـان و مێـژوو)، لـە بڵاوکراوەکانـی ئەکادیمیـای کـوردی، چاپخانـەی حاجـی هاشـم، هەولێـر.

- هۆگـر مەحمـوود فـەرەج (٢٠١٥)، چەنـد تێزێـک بـۆ ئەلفوبـێ و ڕێنووسـی زمانی کـوردی، گۆڤـاری زانکـۆی ڕاپەڕیـن، ژمـارە ٤، بەرگـی ٢.

**سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**

- Crystal, David. (2003) A Dictionary of Linguistics & Phonetics, Blackwell Publishing.

پێگەی ئەلکترۆنی:

diphthong/dictionary/com.vocabulary.www//:https
23 :7 2023/12/4pm.
https//:www.studysmarter.co.uk/explanations/english/phonetics/diphthong#/anchor2-
2:48 2023/12/19pm.

## المُلخَص

هـذه الدراسـة الموسـومة بـ ((بديـل الأصـوات المدغمـة في اللغـة الكرديـة)) ، وحدودهـا في إطـار اللهجـة الكرمانجيـة الوسـطى، عـلى الرغـم عـرض الأمثلـة في اللهجـات أخـرى ، عـلى وفـق المنهـج ( التزامنـي – التحليـلي) ، وبشـكل عـام، فـإن الهـدف مـن هـذه الدراسـة هـو القضـاء عـلى وجـود وعـدم وجـود الأصـوات المدغمـة في اللغـة الكرديـة بشـكل علمـي، لأن هـذه الظاهـرة الصوتيـة تتطلـب دراسـة شـاملة لفـترة، وإن كانـت بطريقـة غـير نقديـة في سـياق بعـض الأبحـاث والتحقيقـات، إلا أنهـا تشـير إلى هـذه الظاهـرة ، لكنـه غـير واضـح نوعـا مـا ، وبسـبب عـدم فهـم الأصـوات المدغمـة ، وإمكانيـة عـدم وجـود الأصـوات المدغمـة ، تحـاول هـذه الدراسـة إيجـاد بدائـل لهـذه الظاهـرة. ولهـذا الغـرض قسَّـمنا البحـث عـلى خمسـة محـاور: المحـور الأول : المدخـل، المحـور الثـاني عرضنـا فيـه مفهـوم و مصطلـح الأصـوات المدغمـة. المحـور الثالـث ، يتـم شرح انـواع الأصـوات المدغمـة ،المحـور الرابـع: وجـود وعـدم وجـود الأصـوات المدغمـة في اللغـة الكرديـة والمحـو الخامـس: بديـل الأصـوات المدغمـة في اللغـة الكرديـة.



## Summary

This research is titled ((The Alternative of diphthong in Kurdish Language)) the scope of the research includes Central Kurdish (Sorani) Dialect. For the sake of Comparison, Samples from other Subdialects are taken and they are analyzed according to Synchronic-Analytic method. In general, the aim of this study is to eliminate the presence and absence of diphthong in Kurdish language on a scientific basis, because this phonetic phenomenon requires a comprehensive study. Although, it has not been refered to this phenomenon primarily, there is a Sort of ambiguity due the lack of understanding the concept and structure of diphthong. Likewise at the possibility of not having a diphthong, this study tries to find alternatives to this phenomenon. Accordingly, the study is divided into five sections: Section one is an introduction to the topic. Section two talks about the concept and the term diphthong. Section three: explains the type of diphthong. Section four: covers the existence and absence of diphthong in the Kurdish language has been discussed. Section five: the alternative of diphthong in Kurdish language has been presented.